کازیوە ساڵح لەدیدارێکدا لەگەڵ ڕێبازی ئازادی:

مـن بـە خـواسـتی خـۆم کـوردسـتـانم جێنەهێشتووە

ئا: ڕێبازی ئازادی

***بەبۆچوونی تۆ خەباتی حەقخوازانەی ژنان لەسەرتاسەری جیهان، بەتایبەتی لە کوردستاندا لە کوێدایە و تا چەند مافەکانی ژنان وەدیهاتووە؟**

- لە سەرجەم جیهاندا هەتا ئێستا چەوساندنەوە و کوشتن و پێشێلکردنی مافی ژن هەیە , هەوڵدان بۆ بنبڕکردنیشی بووە بە شەڕێکی هەتا هەتایی , بەڵام لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی دی شەڕەکان جیاوازە , گەر ئێمە لە جیهان مەبەستمان جیاوازی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بێت , ئەوا جیاوازیەکە ئیجگار گەورەیە , من پێنج ساڵە کوردستانم بە جێهێشتووە و لە ڕۆژئاوادا دەژیم , ئەو چەند ساڵەی لەم وڵاتەدا هێندەی مانگێکی کوردستان هەواڵی ژن کوشتن و منداڵ کوشتنم نەخوێندوەتەوە , جارێك کەسێك لە ڕووی دەروونیەوە ناساغ، منداڵێکی مێینەی ڕفاندبو و دوایی کوشتبووی , لێرە لە کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالی لای کوردان زیاتر بایەخی پێدرا , هەموو دەزانن خاتوو زوهرە کازمی بە ڕەگەز ئێرانی کاتێك گەڕایەوە ئێران و بە دەستی ئەو ڕژێمە کوژرا ناکۆکی نێو دەوڵەتی لێکەوتەوە و هەتا ئێستا کەنەدا پەیوەندی سیاسی و دارایی خۆی بە ئێرانەوە پچڕاندوە و باڵیۆزی خۆی لە ئێراندا گەڕاندوە و هەتا ئێستا ئێران لە دادگادایە بەرانبەر ئەو تاوانە .لە ڕۆژئاوا ئەو یاسانەی کە مرۆڤ پابەندیەتی بۆ پاراستن و ڕێز گرتنی ئاژەڵە ماڵیەکانی زۆر بەهێزتر و گەورەترن لەو یاسانەی لە ڕۆژهەڵاتدا و بە تایبەت لە کوردستاندا کە سەرجەم مرۆڤەکانی پێ بەڕێوە دەبرێت . کورد لە گەڵ تەنانەت تورك و عەرەب و فارسیشدا جیاوازی گەورەی هەیە , ئەو ژمارە زۆرەی ژنان لە ڕۆژئاوا بە دەستی کورد دەکوژرێت و ئەو تاوانانەی لێرەش کورد بە ڕانبەر ژن و منداڵ دەیکات لەو سێ نەتەوەی دیدا بەدی ناکرێت و بەو ڕێژەیە ڕووینەداوە کە سێ نەتەوەی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتین و زۆرجار گوێمان لێ دەبێت کورد خۆیان بە پێشکەوتووتر دەزانێت لەوان , بەڵام لە ڕاستیدا کورد هێندەی بێ ڕێزی کردووە بەرانبەر بە ژنی کورد و بیانی زۆر جار شەرم دەکەین بڵێین کوردین , چونکە خێرا لە دەمان وەردەگرنەوە و ئەڵێن "ئا ئەوانەی ژن دەکوژن گەر خۆشەویستی بکات ". بۆیە بەراوردی کورد لە گەڵ هەر جیهانێکی دی بەراوردێکی لا سەنگ دەردەچێت , کورد بێ نرخی و سوکایەتییەکی بێ وێنە بە ژن بەتایبەتی و بە سەرجەم تاکەکانی خۆی دەکات بە گشتی , هیچ نەتەوەیەکم نەبینیوە هێندەی کورد ڕۆحی نیرۆدیی تێدا بێت بەرانبەر بە خۆی و هێندە تاکەکانی خۆی خۆشنەوێت

***بۆ سەرکەوتنی داوا و مافەکان دەبێ ژنان چی بکەن؟**

-مافی ژنانی کورد و کێشە و چارەسەرکردنی بەشێکی کەمی کەوتوەتە لای ژنان خۆیان چی بکەن , بەڵکو دەبێت سیستمی بەڕێوەبردن و یاسا و تاکەکانی نێو کۆمەڵ بگۆڕێن و ئەوەی بۆ ژن پێویستە بکرێت واتە مافی ژنان و کێشەکانی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە فەلسەفەی پەروەردە کردن و فەڵسەفەی سیاسی و بەڕێوەبردنەوە هەیە . ئەو بەشەشی کە لە دەستی ژنان خۆیاندایە , پێویستە ژنان زیاتر بە تەنگیەوە بێن و ڕاستگۆ تر بن تێیدا بە تایبەت ژنانی نێو ڕێکخراوەکان و حزبەکان پێویستە گوتارە تیۆری وحزبیەکانیان بگۆڕن بۆ گوتاری پراکتیکی و گوتاری جەندەری . گەر ئەوان باوەڕیان بە یەکسانی و ئازادیخوازی ژنان هەیە پێویستە ئەوە بزانن مرۆڤی یەکسان لە ژێر ڕکێفی ئەوی دیدا ناژی , گەر پیاو بێت , یان عەشیرەت و حزب و ...تد , دوو فاقیە کەسانێك داوای ئازادبوونی ژنان لە ژێر ڕکێڤکەوتن بکەن و داواکاران خۆیان ژێر ڕکێڤ کەوتوو بن .

***نازانم چەند ئاگاداریی کە ژنانی کوردستان لەچ حاڵێکی خراپدان، ڕۆژ نییە زیاتر لە (٥-١٠) ژن خۆیاننەکوژن و خۆیان نەسوتێنن و تیرۆر نەکرێن، ئەم ڕێژە بەرزە زۆر مەترسیدارە لەهەمبەر ژنان، بە بۆچوونی تۆ فاکتەرەکان چین؟ ئایا سیستمی سیاسی و خێڵ و بنەماڵەیە؟ یان فەرهەنگی پیاوسالاری و خێزانی و نەبوونی فەرهەنگێکی مۆدێرنە؟ پێت باشە چی بکرێت بۆ ڕزگاربوونی ژنان لەو قەیران و موسیبەتە؟**

-لێرەدا کورد پێویستی بە فەلسەفەیەکی مرۆیی هەیە یاسای تاکەکانی تێدا بەرجەستە بکرێت بۆ زیندوو کردنەوەی ویژدان و کوشتنی ڕۆحی ئەتککردن لە ناو کورددا , چونکە گەر بە میژووی سیاسی و مرۆیی و هەموو نسکۆکانی کورددا بچینەوە بۆمان دەردەکەوێت میللەتێکە ئەژی بە ڕۆحی ئەتککردن و خۆکوژی , ئەو فاکتەرەش گەورەترین تەگەرە بووە لە ڕێگەی خواستە جیاوازەکانیدا , بیرت نەچێت کورد لە گەڵ ئەوەی هەمیشە کوژراوی دەستی دووژمنانی بووە , لە هەموو نەتەوەیەکی دی زیاتر لە ناوخۆیدا یەکتری کوشتووە , با بە پلان و دەستی دووژمنانیش خۆمان نەخەڵەتێنین , کەواتە لە ڕووی جینەدرییەوە کورد ئاشنایە و نزیکە لە کوشتنەوە و تەنها نەریت و کەلتوور نیە , وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا کوشتنی ژن بە دەستی کورد بووە بە خاڵێکی ڕەش بە نێوچەوانی کوردەوە لە ڕۆژئاوادا و ژیانی ئێمەی پەنابەرانی ڕۆژئاواشی خستوەتە بەر ناتۆری شەرمەزاری , لە کاتێکدا لە ڕۆژئاوا کەس نە ئافەرینی دەکات و نە دەشڵێت شەرەفی بنەماڵەی پاراست و نە بەهانەی خێڵەکیانەی بۆ دەکات بە پاڵپشت تەنها بەر نەفرەت دەکەوێت ,لە گەڵ ئەوەشدا هەر ئەنجامی دەدا , ئایا ئەو دیاردەیە تەنها بەوە پاساو دەدرێت کە مرۆڤێکی کوردە و هەڵگری کۆمەڵێ داب و نەریتی دواکەوتووی خۆیەتی ؟ یان لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە هەڵگری ڤایرۆسی کوشتنە و خۆی لە بنەمادا مرۆڤی بکوژە , خۆ کوشتنیش هەمان هۆی لە پشتە لە گەڵ پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکانی دی .

.تەنها نموونەکانی ڕۆژئاواش ئەو ڕاستیە ناسەلێنن , بەڵکو نموونەی هەڵویستی خەڵکی کوردیش بەرانبەر ڕووداوەکە ئاسایی بوونی کوشتن لای کورد هەمان بۆچوون دەسەلێنێت , ساڵی ڕابردوو لە کەنەدادا ژنێك دیار نەما هەتا تەرمەکەی دۆزرایەوە تەنها لە گەڕەکەکەی خۆیدا ٧٠٠ حەوت سەد کەس خۆی بەخشی بۆ سۆراخکردنی ئەو ژنە جگە لە هێزی پۆلیس و حکومەت و خەڵکی دی بە گشتی , بەڵام لە کوردستاندا کە ژنێك دەکوژرێت گەر دەست خۆشی لە بکوژ نەکرێت , ئەوە بە ئاسایی وەردەگیرێت و گلەیی لێ ناکرێت , ئەوە ساکارترین نموونەیە بۆ ئەوەی بزانین ئەوانەش کوشتنیان ئەنجام نەداوە لە ناخدا بکوژن دەنا تاوانی کوشتن بێ دەنگی لێ ناکرێت و لە خراپترین باردا بێ دەنگی لە هەر دیاردەیەکی خراپ و بە تایبەت لە کوشتن بەشدار بوون دەکات تێیدا .

گەر بکوژەکانی نێو کورد ژێر پەردە کەوتبوون, واتای ئەوە ناکات ئەو دیاردەیە نەبووە و دوای ڕاپەرین سەری هەڵداوە , بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە پێشتر بە یاسا و توقاندن و هستریای کوشتنیان تێدا خفە کراوە . ئەمرۆش کە یاسایەك نیە خەڵك پابەندی بێت و دادگایەك نیە کردارەکانی مرۆڤ بخاتە سەر تەرازوو , دەسەڵاتێك نییە خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بەرانبەر بە ژیانی خەڵك ئەو دیاردەیە بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی و باو , مەترسیەکانیش لە کۆتاییدا تەنها بە ژن کوشتن کۆتایی نایەت .

*** لەشفرۆشی ژنان گەرمترین بازاڕی هەیە لە کوردستان و"گەواەکان" پۆل پۆل کچان و ژنانی عەرەب و تورکمان دێننە کوردستان بۆ ئەمکارە لەبەرامبەر پارەیەکی کەم.بۆچی کوردستان بۆتە مۆڵگەی لەشفرۆشی، ئەم پەتایە چەند مەترسیدارە ئایا پەیوەستە بەئازادی ژنانەوە یان چەند پەیوەستە بەئازادی سێکسی جنسیەوە؟چی بکرێت و چارەسەرو ڕێگاکان چین؟**

-لەش فرۆشی دیاردەیەکی ئیجگار کۆنە و لە گەڵ هەبوونی مرۆڤدا بوونی هەبووە , بەڵام ئەزموونەکانی سەرجەم جیهان ئەوە دەسەلێنن , تا لەش فرۆشی سیاسی و لەش فرۆشی ئابووری بڵاو نەبێتەوە لەش فرۆشی ژنیش تەشەنە ناکات بۆ ئاستی دیاردە .لە کوردستاندا هەموو جۆرەکانی لەش فرۆشی سیاسی و ئابووری و ئیداری و هەستی نەتەوەیی و مرۆیی بڵاوبووەتەوە پاش ئەوانە لەشفرۆشی ژنان بڵاوبووەوە , پاشان لەشفرۆشی دیاردەیەکی بەرچاوی سیستمە دیکتاتۆریەکانە و کاتێك بەو شێوەیە لە کوردستاندا لەشفرۆشی بڵاو دەبێتەوە واتە هێندەی بەربڵاوی دیاردەکە و جۆرەکانی دی لەشفرۆشی کە بەر لە لەشفرۆشی ژن ئاماژەم پێکرد و سیستمێکی تۆلیتاری و چەوسێنەر لە ئارادایە .

***لینین دەڵێ: لەشفرۆشی دیاردەیەك و کێشەیەکی گەورەی کوشندەی ڕژێمی سەرمایەداریە، ئایا کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریە؟ یان بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵات خۆی بەبەرپرسیار نازانێت؟ جیا لەوەش مەسئولەکان خۆیان پەرەپێدەری ئەم فەزایەن؟**

-بەڵێ ڕاستە دیاردەی ڕژێمی سەرمایەداریە , بەڵام دەبوو لینین ڕژێمی دیکتاتۆریشی بۆ سەربار بکات , چونکە ڕاستە ڕژێمی سەرمایەداری مرۆڤەکان دەکات بە ئامێر و بەهایان بە ماتریال , بەڵام ڕژێمی دکتاتۆری خۆی یەکێکە لەو ڕژێمانەی لەشفرۆشی دەکات بە ئامانج لە پێناوی داگیرکردنی هۆشی جەماوەردا , بەر لە هەر شتێکی دی دیاردەی لەشفرۆشی لە نێو کۆمەڵەکەیدا پەرەپێدەدات , گەر سەدامی دکتاتۆر بکەین بە نموونە لە هەموو شت زیاتر بایەخی بە هێنانی لەشفرۆش دەدا بۆ عێراق و زۆرترین مەلهای لە بەغدادا کردبووە و زۆرترین لەشفرۆشی لە نێو موخابەراتی خۆیدا پەروەردە دەکرد و ڕادەگرت , سەدان شۆڕشگێڕی بە دەست و پلانی لەشفرۆش لە ناو دەبرد , مۆسۆلۆنی و هتلەر و سەرجەم دەسەڵاتە دکتاتۆریە جیهانی و عەرەبیەکانیش هەر وابوون , تەنانەت لە ئەمەریکای باشوور و ئەمەریکای ناوەڕاست لە ساڵانی شەستەکاندا واتە ماوەیەکی درێژ خایەن نییە ,بە هۆی ئەو نابەرابەرییەی لە ئارادا بوو پیاوانی سیاسەتی دیماگۆگی ژنیان وەکو شمەکێکی بازرگانی بە کاردەهێنا بۆ بردنەوەی پێشبڕکێکانیان , دەبوو یەکی دڵخوازێکی دیاریان هەبوایە لە ئاهەنگی شەوانە و کۆنگرەی حزبەکانیاندا دەیانخستنە ڕوو وەکو فلایەری پرۆپاگەندە بۆ خۆیان جگە لەوەی ژیانی زایندەیی خۆیان دابەش بکەن بە سەر دڵخوازەکەیان و هاوسەر و بەشێکی زۆریشیان لە گەڵ ژنانی خۆ فرۆشدا دەبردە سەر ئەم جۆرەی دواییان بەشێکی گەورەی پرۆگرامی سیاسیان بوو .

***چەندان ژنی چالاکی بواری ژنان کە پێشتر ناوەزا بوون و دەوریان هەبووە کەچی ئێستا یان هاتونەتە پاڵ دەسەڵات وەك " مهاباد قەرەداغی و چۆمان هەردی "و هەندێکی تر یان وەکو (تۆ و ناسك ئەحمەد) خۆتان دورخستۆتەوە لەو لێپرسراوێتیە ، ئەمە تا چەند کاریگەری سلبی دەبێت؟**

-قەیرانە سیاسیەکان درێژکراوەی قەیرانی فکرین , ئەوە قەیرانی فکریە ڕێگە بە دەسەڵات و هێزە سیاسیەکان دەدات بە پێی ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆیان مامەڵە بە تاك و گرووپی هەر کۆمەڵێکەوە بکەن و جۆرەها قەیرانی دی بهێننە ئاراوە , دیارە کێشەی ژنانی کورد زۆربەی لای دەسەڵاتدارانەوە چارەسەر دەکرێت گەر ئەو ژنانەی لە بازنەی دەسەڵاتدا کار دەکەن خەم خۆر بن و کێشەی ژنان بە هەن وەربگرن ,جا خوازیارم ئەو بەڕێزانەش خۆیان بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان بکەن . لای من گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بڕیاری کار و خزمەت بدات گرنگ شوێنی نیشتەجێ بوون و پۆستی کارکردنی نییە .

ناسك ئەحمەد لە کوردستاندا ئیدارەی حزبێکی دەکرد بۆ هەموو حزب وحزبۆکەکان و عەمامە بە سەرەکان و بەعسیەکان ڕەوا بوو لای حکومەتەوە مووچەی مانگانەی ڕێکخراو و حزب و عەشیرەتی خۆیان لای حکومەتەوە هەبێت بەڵام یارمەتیەکانی ناسك لای حکومەتەوە لای هاوڵاتیانی کورد بە کورتی و درێژی تەنوورەکەی دەپێورا تەنها لە بەر ئەوەی ئەو مێ و حکومەت نێر بوو , نەك بە کار و مافی خۆی و لای دەسەڵاتدارانیشەوە بە کوشتن و ئەتککردنی ئەندامەکانی حزبەکەی لە سەر شەقامەکان و بە داخستنی سەتەرەکانی دەپێورا ...منیش چەند جارێك دوپاتم کردوەتەوە کە بە خواستی خۆم کوردستانم بە جێنەهێشتووە , هەموو ئەو سوکایەتیانەی دەسەڵات بە ژنانی چالاکی دەردەوەی خواست و چالاکی خۆی دەکات لە یاد بکە , بەڵام بە باوەڕی کێ ڕەوایە نووسەرێك ئەو پەنجەی شەوانە شەونخوونی دەکات و وشەکانی دەخاتە پێناوی ئازادی و دیالۆگ و مەدەنی بوونی کۆمەڵەکەی بە ڕۆژ دەمانچەی پێ بگرێت لە پێناوی مانەوەی ئەو پەنجەیەدا بۆ شەونخوونێکی دی , یان نووسەرێك نەتوانێت لە نێو خەڵك و شوێنی گشتیدا بێت لە کاتێکدا جێگەی نووسەری ڕاستەقینە شوێنە گشتیەکانە کە خەڵکی هەژار و لێ قەماوی تیدایە , ناو جەماوەرە , کاتێك ئەوە یاساغ دەبێت لە نووسەرێك دوور کەوتنەوەی سوود بەخشترە , دوور کەتنەوەم بۆ ئەو چینەی باسم کردووە و بۆ میللەتەکەم بە گشتی سوود بەخشتربووە لە ڕووی کاروچالاکیمەوە , بەڵام بۆ خودی خۆم زیانبەخش بووە .

بە هەر حاڵ دەگەڕێمەوە لای خاڵی یەکەمت و ئەڵێم گرنگە ژنی کورد تەنها توانای ئەوەی هەبێت خۆی چارەسەر بکات گەورەترین خزمەتی کردوەوە , سەیرنییە؟؟ ژنانێك خۆیان بە مەسیحی نێردراو بزانن و سبەی گەر بمرن پەیکەریان بۆ دروست بکرێت وەکو داکۆکیکاری مافی ژن , بەڵام شەڕو گرێی لە سەر ئەوە بێت ناوی ژنێکی دی بەر لە ناوی خۆی لە سەر بڵاوکراوەیەك نەبینێت خۆی یەکەم ناو بێت , هەتا بڵاوکراوەکە سوکایەتی بە ژن دەکات و ئەو ژنەی لێ دوور دەکەوێتەوە ئینجا ئەو ڕووی تێدەکاتەوە ....هتد ئەمە ڕەمزە مەزنەکانی ئەمرۆی مافی ژنانە , هەر ژنێك گرێکانی خۆی چارەسەر کرد بەرانبەر بە ڕەگەزەکەی خۆی گەورەترین خزمەتی بە ژن کردووە .

***لینین دەڵێ: یەکسانی ژن و پیاو لەپرەنسیپە سەرەکیەکانی کۆمۆنیستە ئایا وایە ؟ ئەم سیستمە توانی مافی ژنان بپارێزێت یان نا؟**

- لینین ڕاست دەکات , بەڵام کێشە ئەوەیە هەتا ئێستا لە سیستمی کۆمۆنیستی و بەو شێوەی لینین مەبەستیەتی , سیستمی ئیشتراکی لە جیهاندا پراکتیك نەبووە و بنەما ڕاستەقینەکە هەر بە میتۆدی مایەوە , هەر بۆیە لە جیهاندا سەرجەم سیستمەکان بانگەشەی پاراستنی مافی ژنیان کرد , بەڵام هیچ جۆرە سیستم و ئایدۆلۆژێك لە کۆمۆنیستەکان , لیبراڵی کۆن و نوێ , ئاینەکان , مەزهەبەکان ,ناسیۆنالیستەکان , مەسیحیەکان و...هتد هیچ جۆرە فکر و فەلسەفەیەك نەیتوانیوە چەوساندنەوەی ژن لە بنەوە ڕیشە کێش بکات و مافی ڕاستەقینەی خۆی بداتێ.

***سەردەمی جیهانیگری و مۆدێرنە لەرێگای سەتەلایت و ئینتەرنێتەوە بەتایبەت لەرێگای کەناڵ و سایتە سێکسیەکانەوە ژنان و مەسەلەی ژنانی ناشرینکردوەو ڕۆڵێکی نێگەتیڤی لەسەر ڕەوشی ژنان هەیە ! ئایا گەر لیبالیزمی نوێ حەسانەوەی مرۆڤەکان بێت؟ ژنان لە کوێی ئەم سیستمە سیاسیەدا شوێن دەگرن؟**

-جیهانگیری تەنها کاریگەری نێگەتیڤی لە سەر ژنان نییە , بەڵکو سەرجەم مرۆڤایەتی و سەرجەم بوارەکانی ئالوودە کردوە , چونکە سەردەمی جیهانگەری زیاترسەردەمی سەرمایەداری دەگەیەنێت هەتا سەرجەم فاکتەرە کەلتووری و زانستیەکانی دی , هەموو دیاردەکان ئەو ڕاستیە دەسەلێنن , بۆ نموونە سەردەمی جیهانگەری وای کردووە کە ئیترئەرستۆ و هیگل و دیکارت و....دی دەرنەکەوێت , گابرێل گارسیا مارکیزێکی دی بە چیرۆکە سیحر ئامێزەکانی کۆڵۆمبیامان پێ نەناسێنێت , ئەمڕۆ تەنها ئەو نووسین و ڕۆمانانە دەخوێنرێتەوە و پڕ فرۆشن کە باس لە سێکس و شەڕی مافیا دەکات , تەنها ئەو فیلمانە پڕفرۆشن کە ئاکشنن یان سێکسین , ئەمڕۆ سەردەمی ڕواڵەتە نەك ناوەڕۆك هەر بۆیە دەبینین کەناڵەکانیش زیاتر لاشەی ڕووتی ژنان و ئەو کارانە دەردەخەن کە کاریگەری نەرێی لە سەر کۆمەڵ بە گشتی دەبێت نەك تەنها ژنان ئەوانە زیاتر کاریگەریان لە سەر لاوان و منداڵان هەیە , هەر جیهانگەری کە کۆمەڵەی خۆ کوژی ماڵپەڕی خۆیان هەیە لە سەر ئینتەرنێت هەزاران ئەندامی مێردمنداڵیان کۆ کردوەتەوە و ڕێگە و هەنگاوەکانی خۆ کوژیان لە ڕێگەی چاتەوە فێر دەکەن و ساڵانە سەدان خۆکوژی (انتحار)ی بە کۆمەڵ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕوو دەدات , کە ژمارەی گەورەی مێرمنداڵ لە ژوورێکدا بە کۆمەڵ خۆیان دەکوژن , جیهانگەری کاریگەری زۆر باشی هەیە گەر عەقڵی هۆشیار بیخوینێتەوە بەڵام کاریگەریە خراپەکانیشی بەڵایەکی گەورەترن بۆ ئەو کۆمەڵگانەی بە ناوی سەردەمی مودێرنەوە پشت لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵەکەیان دەکەن . بۆیە پێویستە پرۆگرامی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵی کوردی لە هەموو پرۆگرامێکی دی کاراتر بێت , ئەوەی کە لە مەترسیە نەرێیەکانی ئەمڕۆی جیهان بمانپارێزێت بۆ ئەوەی تەنها بەکەڵکەکانی وەربگرین یان کەمتر کاریگەریە خراپەکانی لە ناو کۆمەڵەکەماندا ڕەنگ بداتەوە هۆشیارکردنەوەیە بە ڕادەی یەکەم سەرباری چاککردنی باری ئابووری خەڵك و هەبوونی ئازادی بۆ دەربڕینی خود .

***تا ئێستا ژنان لە کەمترین پۆستە سیاسی و ئیداریەکانی کوردستاندا بەشدارن و زیاتر پاشکۆی حزبەکانن؟ بەبۆچوونی تۆ فاکتەرەکانی چین و چۆن دەتوانن ڕۆڵی ئەکتیڤیان هەبێت؟**

- سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان کۆمپانیەیەکی گەورەیە , ئۆفیسی سەرەکی لە ئیسرائیلە و ئۆفیسی دووەمی لە ئەمەریکا و سەرجەم سیاسەتەکانی دی جیهان بەشێکن یان فەرعی ناوەندیین لەو کۆمپانیایەی کە هاوردە و بردە بە مرۆڤ دەکات بە تایبەت بە وانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست , ئەوە لە عەقڵی دیماگۆگی سەرکردایەتی سیاسی کوردییە هەوڵ نادات سەرجەم مرۆڤە باشەکانی نێو کۆمەڵی کوردی و ئەوانەی دەتوانن لەو کۆمپانیە بازرگانیە سیاسیەدا مامەڵە بکەن کۆناکاتەوە و لایەنی کەم بۆ ئەوەی کورسیەکەی خۆی لە ژێری نەخزێت , ئەوانەی کۆی کردوونەتەوە بە هەردوو ڕەگەز خەڵکی کارزان نین خەڵکی سازش زانن , بۆ (مێ)ش هەتا ئێستا کوردستان عەقڵی فیودالی زاڵە بە سەریدا باوەڕی بە توانا و کاری ژن نییە , جگە لەوەی دەسەڵاتی سیاسی کوردی بۆ ئیدارە و سیاسەت تەنها ئەو ژنانەی دەوێت کە خێزان و خوشك و کەسو کاری لێپرسراوانن , ئەوانیش ژمارەیان هەرئەوەندەیە کە خزێنراونەتە نێو دام و دەزگاکان , لە بەر ئەوەیە ژمارەی ژنان کەمن , گەرچی من غەمبارو پەست نیم بە ژمارەی کەمیان گەر زۆریش بێن نرخ بۆ ڕاو داوای ژن دانانرێت لە سیستمی فیودالیدا .

***ژنانی پەرلەمانتار کەمترین کاریگەریان هەیە لەسەر بڕیار و مافەکانی ژنان لەکاتێکدا لە وڵاتانی" ئسکندەناڤی زۆرینەی پەرلەمانتارەکان ژنانن" ئایا ئەمە بێ هەڵوێستی ژنانە؟**

- سەرەتا دەبێ ئەوە بهێنینە یادەوەرییەوە کە جۆری هەڵبژاردنی ئەندام پەرلەمان و بە ئەندام پەرلەمان بوون لە کوردستاندا هەڵەیە , چونکە لە سەر بنەمای پێویستی هاوڵاتی و چونیەتی نییە , بەڵکو لە سەر بنەمای خواستی حزبی و چەندێتیە , لە وڵاتانی دیموکراسی لە بەر ئەوەی ئەندام پەرلەمانەکان پێویستە ڕاستەوخۆ نوێنەری خەڵك بن ئەوا هەر گەڕەکێك ئەندام پەرلەمانی خۆی هەیە و نوێنەریانە لە حکومەتدا و هەڵبژێردراوی خۆیانە و کێشەکانیان چارەسەر دەکات و ئۆفیسیان لە هەمان گەڕەکدایە , ئەگەر لەو ئاستەدا نەبوو , ئەوە لە ساڵی داهاتوودا هەڵی نابژێرنەوە , بەڵام لە کوردستاندا ژنانی پەرلەمانتار زۆربەیان چونەتە ئەو پۆستەوە بۆ ئەوەی پێیان بگوترێت پەرلەمانتار , گەر وانیە لە خراپترین باردا دەبوو ئێستا ئەو پەرلەمانتارە ژنانە هەموو توانایان بخستبایەتە کار بۆ دۆزینەوەی ١٨ کچە فرۆشراوەکە بە میسر , ئایا پەرلەمانتارانی ژن تەنها دووانن ؟, ئەوانی دی هەمووی بێ دەنگیان لێ کرد , ئەوانە پەرلەمانتاری نان پەیدا کردنی ڕۆژن نەك کار و چالاکی و دروستکردنی مێژوویەکی گەش , کاتێك پەرلەمانتار واتای دەبێت بە ژمارە ئەوا هەبن یان نەبن , ژمارەیان زۆر بێت یان کەم کاریگەرییەکی نییە و پێویست ناکات غەمیان لێ بخورێت و بەراورد بکرێن بە وڵاتانی ئسکەندەناڤی گەر خاوەنی کاریگەری گەورە نەبن لە نێو کۆمەڵەکەیاندا .

بە هەر حاڵ کۆمەڵی ئێمە پێویستی بە ڕیفۆرمێکی کۆمەڵایەتی سیاسی و ڕوناکبیری زۆر جدی هەمە لایەنە هەیە , بێ ئومێد نیم و هەست دەکەم توێژێك لە لاوان بە ڕێگەوەیە کە هەموو لاسەنگیەکان ڕاست بکاتەوەو ئەو هەموو دووفاقی و ناڕاستیە لە سەرجەم لایەنەکاندا بەو شێوە بخاتە ڕوو و ئاراستە بکات کە شیاوە بە کۆمەڵێکی مەدەنی نەك مانەوەمان لە کۆمەڵی بە کردار فیودالی بە بەرگ و وشەی قەبە و بەکارهێنانی شارستانی .

ئەو چەند ساڵەی لەم وڵاتەدام هێندەی مانگێکی کوردستان هەواڵی ژن کوشتن و منداڵ کوشتنم نەخوێندوەتەوە